# ئێوارە کۆڕێک لەسەر هەڵبژاردنی عیراق و ئایندەی کوردستان

# لە ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا



ئێوارەی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی 11-12-2005،کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان .کۆڕێکی بۆ (ئاراس ڕەشید) نوێنەری کۆنگرەی ڕیفراندۆم لە ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا سازکرد.

کۆرەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆڕێزگرتن لە گیانی گیان بەختکردوانی ئازادی ورزگاری کوردستان دەستی پێ کرد.

پاش پێشکەش کردنی بەرنامەی کۆڕەکە ، ئاراس ڕەشید ،باسەکەی خۆی دەست پێکرد کە لە ژێر ناوی ( هەڵبژاردنی عیراق وئایندەی کوردستان). کەتێیدا باسی لەوپرۆسە سیاسیەکرد لە پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن ،کەبەناوی ئازاد کردنی عیراق و ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە عیراق بەڕێوە دەچێت بەسەرپەرشتی ئەمەریکاو هێزولایەنە قەومی و دینیە محەلیکانی سەر بە ئەمەریکا. ئینجا هاتە سەر دەوری هێزە کوردیە سەرەکیەکانی کوردستان و چۆنیەتی بەشداربوونیان لەم پرۆسە سیاسیە و تا چەند توانیویانە لە بەرژەوەندی مەسەلەی کوردی هەنگاو بنێن، کە زیاتر مساوەمە بووە بەو مەسەلەیە لە بەرامبەر هێزە قەومی و دینیە عەرەبەکانەوە.بەشێکی دیکەی باسەکە ،بریتی بوو لە باس کردن لە دەورو نەخشی جەماوەری کوردستان لەم پرۆسە سیاسیەدا کە دیارە هەموو ئامانج و ماندووبوونێکیان سەلب کراوە لە لایەن نوێنەرانی کورد کە بریتی بوون لە دوو هێزە گەورەکەی کوردستان و پشت گوێ خستنی ئیرادەو ڕای گشتی خەڵکی کوردستان کە بریتی یە لە جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتێکە لە کوردستان،بەپێی ئەو ڕیفراندۆمە نارەسمیەی کە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا ئەنجام درا ،کە ئەنجامەکەی 98%ی خەڵکی کوردستان دەنگیان دا بە جیابوونەوە لە عیراق.

ناڕەزایەتیەجەماوەریەکانی خەڵکی کوردستان لە دژی گەندەڵی هەردوو حکومەتە کوردیەکەی هەولێرو سلێمانی ،بەتایبەت خۆپشاندان و ناڕەزایتیەکانی ئەم دواییەی کەلارو سلێمانی وئاکرێ وهەولێر .بەشێکی تری باسەکەبوو.

هەروەها روونی کردەوە کە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی ، نابێتە بەدیل و دەنگی حەقوازانەی خەلکی کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان و بەدیلی ( یەکێتی وپارتی)، چونکە ئەوان خۆیان نوێنەری دواکەوتوویی و فتوای دژی کۆمەڵگای مەدەنی و دەستیان لەگەل بزووتنەوەی تیرۆری ئیسلامی سیاسی مەحەللی ودنیا تێکەڵە.

ئاماژەی بەو ڕێگا نا دیمکراتی و دژی ئازادی یە سیاسیانەش کرد کە هەردوو هێزە گەورەکان دەیکەن بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لە کەناڵە ئیعلامیکانی خۆیان.کە جگە لە ترساندنی خەڵکی هچی کەیان پێ نی یە بۆ چارەسەرە گشتیەکانی گۆمەڵگای کوردستان بە تایبەت مافی چارەی خۆنووسینی کوردستان.

لە کۆتایی باسەکە ، هاتە سەربەدیلی کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان ، کە بریتی یە لە کردنی ڕاپرسیەکی گشتی لە کوردستان بە سەرپەرشتی دەزگای نێودەوڵەتی و وولآتانی جیهانی و بڕیاردانی خەڵکی کوردستان لەوەی دەیانەوێت جیابنەوە لە عراق یا بمێننەو،ئەنجامەکەشی ڕێزی لێبگیریت و کاری پێبکرێت .

بەشی دووەمی کۆرەکە بریتی بوو لە مداخەلەو پرسیاری ئامادەبوان و کۆڕەکەیان دەولمەنتر کرد بە پێشنیارو باسەکانیان.

شایانی باسەبە هۆی بایکۆت کردنی ئەندام و لایەنگرانی لایەنــە سیاســەکانی بەشــدار لــە لیســتی هاوپــەیمانی کوردستان (730) بۆ بەشداری نەکردن لە کۆڕەکە ، چونکە کۆڕەکە قسەو باس بوو لەســەر چــوون و نەچــوون بــۆ دەنگدان لە ڕۆژی 15ی ئەم مانگەو ڕوونکردنەوەی لایەنە ئیجابی و سلبیەکانی ئەم هەڵبژاردنە بۆ خــەڵکی کــوردو مەسەلەی کورد.بۆیە کاریکی سلبی بەسەرکۆرەکە هەبوو لە لایەنی کەمی بەشدار بوانەوە و هەوڵدانی نویــەرانیان بۆ تێکدانی کۆڕەکە بە شێوەیەکی نا دیمکراتی و نا شارستانی.بەڵام توانرا کۆرەکە بە سەرکەوتوویی بــە ئــەنجام بگات سەرەڕای ئەم هەولأنە.

کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کورستان-کەنەدا
2005-12-11